## تێبینیەکانی نەخۆش

## خشتەی چارەسەرکردن

نموونە

| رۆژ | IU/رۆژ | ژمارەی گشتی وەرگیراوIU |
|---|---|---|
| ١ | ١٥٠ | ١٥٠ |
| ٢ | ١٥٠ | ٣٠٠ |
| ٣ | ١٥٠ | ٤٥٠ |
| ٤ | ١٥٠ | ٦٠٠ |

| رۆژ | IU/رۆژ | ژمارەی گشتی وەرگیراوIU |
|---|---|---|
| ١ | | |
| ٢ | | |
| ٣ | | |
| ٤ | | |
| ٥ | | |
| ٦ | | |
| ٧ | | |
| ٨ | | |
| ٩ | | |
| ١٠ | | |
| ١١ | | |
| ١٢ | | |
| ١٣ | | |
| ١٤ | | |

fertilitetsguiden.nu Schering-Plough

Schering Plough AB P.O. Box 6185, 102 33 Stockholm. تەلیفۆن 08 522 21 500. فاکس 08 522 21 501. www.schering-plough.se

# چۆنیەتی بەکارهێنانی پێنووسی پیوریگۆن (Puregon Pen®)

SORANI

## دوو پێکهاتووی گرنگ هەن کەدەبێت فێریان بیت:

۱ ئەمپوول خستن بۆ ناو پێنووس.

۲ لێدانی سرنجی پیوریگۆن.

### چۆنیەتی ئامادەکردنی سرنج:



١- پێنووس بکەوە لەڕێگای سوڕاندنی هەردوولای.



٢- ئەمپوول بخە ناو پێنووسەوە و هەردوو لای بەسوڕان دابخە.



٣- دەرزی لەسەلکی پێنووس قایم بکە و قەپاغەکەی لاببە.



٤- ئەگەر دڵۆپی گیراوە دیار نەبوو ئەوە دوگمەی ڕێکخستن یەکە یەکە بسووڕێنە و دووگمەی سرنج لێدان بۆ ژوورەوە پاڵ بنێ.



٥- لەسەر بڕی دیاریکراو بۆ خۆت ڕێکی بخە لەڕێگای سوڕاندنی بەپێچەوانەی خولانی کاتژمێر.



٦- ئەگەر نەتزانی و ڕێکخستنت زیاتر کرد لەئەوەی دابینکراو بۆت ئەوە دەماودەست بەپێچەوانە مەیسوڕێنەوە. بەڵام ئەوەندەی پێتکرا ئەوە بەردەوامبە لەسووڕاندنی پێچەوانەی خولانی کاتژمێر.



٧- پاشان دوگمەی سرنج لێدان بەتەواوەتی پاڵ پێوە بنێ و ڕێکخەری بڕی دیاریکراو لەسەر ڕادەی دیاریکراو دابنێ. بەو ڕێگایە هیچ دەرمان لەدەست نادەیت.

### چۆنیەتی دەرزی لێدان:

**سرنجی پیوریگۆن لەپێستی زگ، لەژێر ناووک لێ دەدرێ.**



١ سرنج لەهەمان شوێن مەدە هەموو جارێ بەڵکو شوێنەکانیان کەمێک بگۆڕە.



٢ شوێنی سرنج لێدان بەدوو پەنجە پێست بەرز بکەوە. بەدەستەکەی تر سرنج بەتەواوەتی بخە ناو پێستەوە بەگۆشەیەکی وەستاو. دوگمەی سرنج لێدان بەتەواوەتی پاڵ پێوە بنێ و پێنج چرکە چاوەڕێ بە.



٣ پاشان سرنج لەپێنووس بکەرەوە لەڕێگای قەپاغی سرنجەوە. پاشان لەسرنجی فڕێ بدە بەڕێگای دیاریکراو لەلایەن نەخۆشەوە. ئەگەر بڕەکەت بەتەواوەتی لەخۆت دابێت ئەوە ژمارە **Zero** لەسەر پەنجەرەی نیشاندانی بڕی دیاریکراو دیار دەبێت.

### گۆڕینی ئەمپوول:

ئەگەر بەر لەسرنج لێدان یان لەکاتی سرنج لێدان زانیت کە دەرمانی ناو ئەمپوول کەمە ئەوە دوو ڕێگات هەیە بۆ چارەسەرکردن.

١ دەتوانیت ئەمپوول فڕێ بدەیت و یەکێکی نوێی بۆ دابنێت و دەرزی لێ بدەیت.

٢ دەتوانیت ئەو دەرمانی ناو ئەمپوول بەکاربهێنیت و پاشان دەرمانی پێویست لەیەکێکی نوێ وەربگریت.

پەیوەندی بەپزیشک یان برین پێچ بکە ئەگەر نەتزانی چۆن دەرزی دابنێیت!
ئەگەر سەیری ئەمپوول بکەیت ئەوە بۆت دەردەکەوێت کە دەرمانی ناوی زیاترە لەئەوەی کەلەسەر پاکێت نووسراوە. گرنگ نیە ئەگەر نەتزانی کە دەرمانی ناو ئەمپوول کەمە بەر لەبەکارهێنانی. پەنجەرەی بڕی دیاریکراوی دەرمان ڕێژەی دەرمانی کەم دیار دەکات.

### زانیاری بۆ سەلامەتی پاراستن:

- پێنووسی پیوریگۆن تەنها بۆ چارەسەرکردنی یەک کەس بەکاردەهێنرێت.
- پنووسی پیوریگۆن تەنها لەگەڵ ئەمپوولی پیوریگۆن بەکاردەهێنرێن.
- پێنووس و ئەمپول لەئامێری سارکەرەوە(سەلاجە) هەڵبگرە لە پلەی (+٢–+٨) یان لەپلەی گەرمی ژوور( بەرزترین پلەی گەرمی +**٢٥** سلیلیزی بۆ ماوەی **٣** مانگ بەلایەنی زۆرەوە.